"تێکەڵاویی زمانی شێعری نالی لە گەڵ زمانی شاعیرانی فارسدا"

نووسینی : ئەیوب نەقشبەندی

وەرگێڕان لە فارسییەوە : فەردین مەزهەرپوور

بە درێژایی مێژوو، ویژە و ئەدەبییات هۆکاری دەربڕینی جوانترین و بە سۆزترین هەستەکانی بەشەر بووە . فڕینی خەیاڵ و ئەندێشەی مرۆ ، وەک تابلۆیکی هەمەڕەنگە ، کە لە ڕەوتی مێژووی هەزاران ساڵەی ژیانی بەشەر وەک پێگەیەک بووە بۆ دەربڕینی ئەو سۆزومەراقەی وا لە دڵی مرۆڤەکاندا بووە .

بە درێژایی مێژوو ، شێعر سەمەر و میوەی ئەندێشەی بەشەر بووە . شاعیر وەک باخەوانێک ئەم میوە ئاودار و ترش و شیرینەی ، بەو پەڕی لە خۆ بوردوویی پێشکەشی کۆمەڵگای بەشەری کردووە . شاعیران بە سیحری کەلامی خۆیان لە یەک کاتدا دەروونی خۆیان و ناخی کۆمەڵگایان، وەک ئاوێنەیێک لە ڕاستییەکان نیشانی ئەو کەسانە دەدەن کە لە هەست و ئەندێشەی ناسک بێوەرین !

لەو ڕۆژەوە کە مرۆڤ وەک بوونەوەرێک هاتۆتە سەر زەوی ، شێعر ئامرازێ بووە بۆ دەربڕینی خۆزگە و ئاوات و ناکامی و شادی و بیرەوەرییەکانی . ئەگەر وشە و کەلام و شێعر لە مرۆڤایەتی جیا بکەینەوە ، جیهان وەک زیندانێکی گەورەی لێ دێ . ئەگەر شاعیران غەم ، خۆشی ، ئارەزووەکان ، تاڵی و سوێرییەکانی ژیانی بەشەریان بە شێعری خۆیان دەر نەخستبایێت ، ڕوون و ئاشکرایە مرۆڤایەتی بە خۆی و ناخییەوە ، ئەو هەموو ئاوات و ئارەزوو و قسانەی ، لە ژێر ڕکێفی بێ ڕەحمانەی تێپەڕبوونی زەماندا بۆ هەتاهەتایە جێ دەهێشت و لە یاد دەچوون .

لە هەموو کۆمەڵگایێک شێعر وەک هونەرێک ڕێزی لێ گیراوەو شاعیریش وەک پێغەمبەرێک بە سۆزی کەلامی خۆی کاری کردۆتە سەر هەستی گەلەکەی . هیچ نەتەوەیێک نییە لە جیهاندا کە بە شاعیر و نووسەرانییەوە شانازی نەکات و شێعری هەر گەلێک وەک شوناسێکی تایبەتیی ئەو نەتەوەیەی لێ هاتووە .

ئەدەبییات خاوەن دوو بەشی سەرەکییە و ئەم دوو بەشە بریتین لە :

یەکەم: ئەدەبی چێژ (التذاذی): لە ناوەڕۆکی وشەی (التذاذ) بۆمان دەردەکەوێ ئەو جۆرە دەق و نووسینانە لە خۆ دەگرێ ، کە چێژێکی تایبەت بە ناخ و بیر و ئەندێشە دەبەخشن . وەک (غزل) و (قصیدە) و (رباعی) ، ... یا هەر بڕگەیێکی ئەدەبی بێت کە پەند و ئامۆژگاری لە خۆ بگرێ .

دووەم: ئەدەبی (التزامی) : زۆرتر ئەو دەقانە لە خۆ ئەگرێ کە شاعیر یان نووسەر بە هەر هۆیێکی تاکەکەسی یان جەبری کۆمەڵگاوە بێت ، شێعر و بابەتگەلێک لە پێناو وەدەست هێنانی پلە و پایە و پارە ، یان لە ڕووی ترس و زۆرەوە بنووسێ و نووسینەکانی بڵاو کاتەوە ، یان پێشکەشی حاکمان و دەستەڵاتدارانی سەردەمی خۆی بکات ، وەکوو پەسن (مدح).

شێعری مۆسیقایی (غنایی) خاوەن پانتاییێکی زۆرە لە شێعری (التذاذی) دا و ئەم جۆرە شێعرانە هۆکاری دەربڕینی هەست و مەراقی دەروونی ئینسانەکانە . لە لایێکیترەوە دەتوانین بێژین کە ئەدەبی (حماسی) ئەدەبییاتێکە لە دەرەوەی ناخی مرۆڤدا و ئەدەبی (غنایی) ، ئەدەبیاتی ناخ و دەروونی ئینسانە . یا لە ڕوانینێکیترەوە (حماسە) گێڕانەوەی قارەمانەتی و بەرخۆدانی هەرگەلێکە و ئەدەبییاتی (غنایی) گێڕانەوەی ئەندێشەی دەروونیی و تەنیاییەکانی تاکی هەر کۆمەڵگاییێکە .

ئاشکرایە ئەو گەلانەی وا خاوەن مێژوویێکی دوور و درێژن لە فەرهەنگ و ئەدەبدا ، ناوەڕۆک و ڕۆحی هونەرەکانیان ، بە تایبەت لە شێعردا لێک دەچن و لە یەک نزیکن . گۆڕینەوەی ئەندێشە و هێما و ئارەزووەکان و خەونەکانیان بە درێژایی مێژوو لە گەڵ یەکتردا زەق و بەرچاو و ڕوونە.

ناسینی تێکەڵاویی زمانی شاعیرانی جیهان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پەیوەندییە فەرهەنگییەکان وەک گرێ کوێرەیێکە کە زۆربەی گەلانی جیهانی بە یەکەوە بەستۆتەوە .

لێرە لەم وتارەدا ، تێکەڵاویی زمانی شێعری ، شاعیری پایەبەرز و ناسراوی گەلی کورد ، حەزرەتی " نالی " لە گەڵ زمانی شاعیرانی شێواز و سەبکی (عراقی) ، وەک " حافظ " و " سعدی " و " خاقانی " ، لە مەڕ نزیکایەتی ناوەڕۆک و بابەت و دەربڕینی هەست و ئیحساسدا دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە .جێی خۆیە بوترێ ئەو پەیوەندییەی وا لە قەرزدان و قەرزگرتنی جوانیی و بابەت و ئەندێشە دا بەدی دەکرێ ، نیشانەی چاولێکردنی کوێرانە نییە، بەڵکو نیشانەی بیرێکی قووڵی ئینسانییە.

لەم وتارەدا هەوڵ دراوە خاڵە بە هێزەکانی شێعری حەزرەتی " نالی " لە گەڵ ئەو تێکەڵاوییەی وا لە گەڵ خاڵە بەر چاوەکانی زمانی شێعری " غنایی " فارسیدا هەیەتی باس و تۆژینەوەی لە سەر بکرێت .

زمانی پەسن (مدح) لە شێعردا ، لە دوای هاتنی ئیسلامەوە ، بە تایبەت لە شێواز و سەبکی " خراسانی " دا ، زمانێکی توانایە و " قصیدە " گەلێکی زۆر لە سایەی ئەم شێوازەوە لە دایک بووە . لە شێواز و سەبکی " عراقی " دا شاعیر بێپەردەتر باسی گەورەیی و شکۆمەندی ئەو کەسە (ممدوح) دەکات کە ستایشی کردووە . کەمتر درێژە دەدات بە کەلام ، بە تایبەت لە " غزل " دا ستایش زۆرتر خۆی لە یەک یان دوو بەیتدا ئەبینێتەوە.لە شێعری " نالی " دا ستایش کردن کوڵ و کورت و بێ

زێدەڕۆییە. زمانی ستایشی شێعری " نالی " زۆرتر لە زمانی " حافظ " نزیکە . (وەرگێڕ : پێویستە ئەوەمان لە یاد بێت کە ستایش کردن لە شێعری کوردیدا کەمە و تا ڕادەیەک عەیب بووە ! ئەو شاعیرانەش وا ستایشیان کردووە زۆرتر ستایشی پێغەمبەر و ئەسحاب و گەورە پیاوانی دینییان کردووە و ئەگەریش ستایشی حاکم و دەستەڵاتیان کردبێت لە ڕووی هەستی نەتەوایەتییەوە بووە !)

" نالی " لە ستایشی " سلێمان پاشای بابان " دا فەرموویەتی :

شاهی جم جا نالیا (تاریخ جم) تەئریخییە

تا نەڵێن لەم عەسرەدا ئەسکەندەری جەم نەبوو

لە تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا

سەدای مۆزیقە و نەققارە تا ئەیوانی کەیوان بوو   ص٣٩

" نالی " زۆربە شان و شکۆی حاکمانی کوردستاندا ، بە تایبەت حاکمانی باباندا هەڵیداوە و ستایشیانی کردووە . سەرباری ئەوەی کە " نالی " لە گەڵ حاکمانی باباندا دۆستایەتی نزیکی هەبووە ، بەڵام قەد بۆ پلە و پایە هەوڵی نەداوە و هیچ کاتێکیش چاوەڕوانی دیاریی نەبووە !

" نالی " لە ڕۆژانی فەقێیەتی ، بە شوێن عیلم و زانیندا بە شار و لادێیەکانی کوردستاندا گەڕاوە. کاتێکیش کە لەو پەڕی کەم دەرامەتی و فەقیریدا بووە ، قەد دەستی نیازی لە کەسێک و لە حاکمێک درێژ نەکردۆتەوە . لەم چەند بەیتەدا باسی ئەو ڕۆژە ڕەش و تاریکانەی نەداریی و هەژاریی ژیانی خۆی دەکات و دەڵێ :

دوودی سەر میچی گوڵەنگی لەت لەتی دەسرازە کۆن

بان و دیواری بە میسلی لانکەی ئەجزا شکاو   ص ٣٥٦ بیت ٢

ئاسمان هەورین دەبێ ، ئێمەش بە غەمگینی دەڵێین :

ئەی خودا چبکەین لە ژێر ئەم کاولەی کەس تیا نەماو !؟   ص ٣٥٨ بیت ٦

" نالی " لە ستایشەکانیدا زۆرتر باسی دۆستایەتی و نزیکی خۆی لە گەڵ ئەوانە دەکات کە ستایشییانی کردووە . بە ڕاستی شاعیری دەربار نییە و لە هیچ کاتێکدا کەلام و شێعری خۆی لە پێناوی دیاریی و پلە و پایەدا هەرزان فرۆش نەکردووە و ڕۆحی دەماخ بەرزی بە شێعرەکانییەوە دیارە. ستایشە

ئاشقانەکانی " نالی " وا لە ترۆپکی جوانیی و بە هێزیدایە . یار و دڵدار لە شێعرەکانی " نالی " دا زۆرتر دڵدارێکی مەجازییە و هەر هەموو دڵدارەکانی لە جنسی مێیینەن !. (وەرگێڕ : بە پێچەوانەی شاعیرانی فارس کە ستایشی معشوقی هاوجنسی خۆیانیان کردووە !)

" نالی " فەرموویە :

لالەن بە بەدەن ، ئەتڵەسی ئەخضەر کە لە بەر کەن

نەورەستە گوڵن ، بەستە لە گەڵ دەستە گیاهن ص٣٤٣ بیت ٧

بۆ سەیری خەرامیدەنی ئەو سەرو قەدانە ،

صۆفی لە طەڵەبدان و ، هەموو سالیکی ڕاهن ص ٣٤٤ بیت ٩

بە چاو خشاندنێکی ورد بە ژیان و دیوان و شێعرەکانی نالیدا بۆمان دەر دەکەوێ کە نالی کەسێکی سۆفی و عارف نەبووە . بەڵام تا ڕادەیەک ئیرادەتی بە تەریقەتی نەقشبەندییەوە بووە . لە لایێکی ترەوە " حافظ " یش وەک شاعیرێک ئەهلی سەیر و سلووکی عارفانە نەبووە و موریدی هیچ پیرێکی تەریقەت نەبووە . بەڵام لە برێ لە غەزەڵەکانیدا جوانترین تابلۆکانی عیرفان و تەسەوفی خولقاندووە . خوێندنەوەی نالی لە ئایین ، خوێندنەوەیێکی شەریعەتانەیە ، نەوەک عارفانە ! ئەوەی ئاشکرایە " نالی " زۆرتر ستایشی مەعشووقی مەجازی کردووە !

پێم دەڵێن : مەحبووبە خێل و قیچە ، مەیلی شەڕ دەکا

خێل و قیچە ، یا تەرازووی نازی، نەختێ سەر دەکا !؟ ص ١٠٨ بیت ١

نالی کەمتر لە بێ وەفایی و جەفای یار گلەیی دەکات . زۆرتر ناز و لەنجە و لاری یارەکەی وەسف دەکات . بە دڵنیاییەوە نالی شاعیرێکی ناکام نەبووە و هاوسەری ژیانی ، هەر هەمان مەعشووق و دڵداری بووە . شێعری " نالی " وەک شێعری " حافظ " بۆن و بەرامەی خۆشی و شادی لێوە دێ و کەمتر باسی فەراق و دووری یاری دەکات و ئومێد بە وەسڵ لە شێعرەکانیدا شەپۆل دەدات . " نالی " بۆ دەرخستنی جوانیی شێعرەکانی ڕێبازی عیلمی (بدیع)ی بە باشی زانیوە و ناسیوە . زۆر جار لە (جناس) کەڵکی وەرگرتووە و لەم بوارەدا زمانی شێعری " نالی " زۆر لە زمانی شێعری " خاقانی " دەچێ .

برۆت هەر چین و پەرچەم چین لە سەر چین

ئەمەندە چینە ، قوربان ، پێم بڵێ چین !؟ ص ٣٤٦ بیت ٢

" نالی " زۆر جار بە وشەئارایی(واج آرایی) لە شێعرەکانیدا ، تابلۆگەلێکی جوان دەنەخشێنێ . وەک ئەم غەزەلە کە ڕەدیفەکەی بە زمانی فارسییە :

ڕوخم ڕەنگینی ڕەنگی ڕوومەتی ڕەنگینتە ، بازا !

قەدی سەروم کەمانینی قەدی شیرینتە ، بازا ! ص ٩٥ بیت ١

" نالی " پیاوی دینە ، بەڵام لە دیندا توندڕەو نییە و هەست کردن بە ئەڤین و خۆشەویستیی وەک خۆراکێک بۆ ڕۆحی ئینسان دەزانێ . لەم بەیتەدا لە نێوان ئاشق و عاقڵدا هەڵسەنگاندنێک دەکا و "عشق و عاشق" بە براوە دەزانێ !

ئاشق هەوەسی مەیکەدە و عیلمی بەسیتە

ئاقڵ تەڵەبی مەدرەسە و جەهلی مورەککەب ص ١٣٥ بیت ٦

لە شێعری فارسیشدا ، شاعیرانێک هەن کە ئەشق بە براوە دەزانن ، ئەقڵیش بە کۆت و بەندێک بۆ ئیحساس و عاتیفە هەژمار دەکەن .

" نالی " شێعر و پلەی کەلام ، وەک زۆربەی لە شاعیران بە بەها و نایاب دەزانێ و شێعر بە حیکمەت ناو دەبات و دەفەرمێ :

" نالی " نییەتی سیحری بەیان ، حیکمەتی شیعرە

ئەمما نییەتی قووەتی دڵ ، قودرەتی ئینشا ص ٧٨ بیت ٧

شێعری " نالی " خاوەن سێحرێکی ئەفسوونگەرە و لە هەمان کاتیشدا خاوەن حیکمەتێکی گەورەیە. شاعیر خۆی بە بەر پرسیار دەزانێ بەرانبەر بە شاعیر بوونی ، نە کەلام فیدای مانا دەکات ، نە مانا بە قوربانی کەلام !

شاعیرێک بە هێزە کە بتوانێ لە شێعرەکانیدا تابلۆگەلێکی ڕەنگین خەلق بکات . " نالی " بەو پەڕی تواناییەوە ئەم تابلۆگەلە لە شێعرەکانیدا دەخولقێنێت .

ئەو ڕیتم و کێشا(وزن)نە وا " نالی " لە چوار چێوەی ئەواندا شێعری هۆنیوەتەوە ، زۆربەیان شادن. ئەو کێشانە کە " نالی " کەڵکی لێ وەرگرتوون ، لەو وەزنانە دەچێ کە شاعیرانی شێواز و سەبکی (عراقی) ، بە تایبەت " حافظ " و " سعدی " شێعریان پێ هۆنیوەتەوە . " نالی " زۆرتر لە بەحری (هزج) دا شێعری وتووە و پێ دەچێ کەسێک بووبێت کە ژیانی دوور لە تاڵی و سوێری بە سەر بردبێت و کەمتر فیراق و دووری یاری کێشا بێ ! (وەرگێڕ : بەحری هزج ، بەحرێکی شادە) .

ڕەقیب و موددەعی فیتنە و عیلاقەی چاوی جادووتن

لە گۆشەی گۆشەوارەت نائیبی هارووت و مارووتن   ص ٣٢٦ بیت ١

زولفانی سییەهـ مەستی وەکوو چاوی (حەبیبە)

غارەت کە بکەن ، دێن و دەچن ، ڕۆح بڕفێنن   ص ٣٣٩ بیت ٦

زولفت کە لە سەر ڕوو بە خەم و تابشە ئەمڕۆ ،

دوودی سیەهی عوودە لە سەر عاریزی پشکۆ   ص ٣٨٤ بیت ١

سەبارەت بەو پێشەکییەی وا خوالێخۆشبوو   مەلا عەبدولکەریمی "مدرس " و مامۆستا " فاتح عەبدولکەریم " ، لە بەرایی دیوانەکەی " نالی " دا نووسیویانە ، خستنە ڕووی ئەم خاڵە بە گرنگ دەزانم :

لە پێشەکی دیوانی " نالی " دا بە جۆرێک کاریگەریی ئەدەبییاتی پارسی لە سەر " نالی " و شێعری ئەو خراوەتە پشت گوێ و باسی لێ نەکراوە ! هەوڵ دراوە ئەوە بسەپێندرێ کە ئەدەبی عەرەب کاریگەرتر بووە لە سەر " نالی " ! . (وەرگێڕ : پێ دەچێ ئەم خاڵە بۆ هەل و مەرجی ئەوسای باشووری کوردستانی ئێراق و ئێراق بگەڕێتەوە کە لە کتێب و چاپەمەنییەکاندا هێنانی ناوی " فارس " بڤە بووبێت و لە لایێکی ترەوە ئەو عەلاقە و هۆگرییە کە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی "مدرس " بە عەرب و فەرهەنگی عەرەبەوە بوویەتی کاریگەریی کردۆتە سەر ئەم پێشەکییە)

لە شێعرەکانی " نالی " دا وشەگەلێکی فارسی بە دی دەکرێ و ئەگەر وشەی عەرەبییش هاتبێت ، زۆرتر ئەو وشانەن کە عەربیین و لە کوردی و فارسی بە کار هێنانیان زۆرە. (وەرگێڕ : نەک لە دیوانی " نالی " دا ، بەڵکوو لە دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کورددا وشەگەلێک هەیە کە بە دڵنیاییەوە ناتوانین مۆرکی فارسی بوونیان پێوە بلکێنین ، ئەوەش بۆ هاوڕەچەڵەک بوونی زمانی کوردی و فارسی دەگەڕێتەوە) .

ئەستێرە هەموو مەحوە لە نێو نووری قەمەردا ،

یا شەمسی جەمالت شەوی گێڕاوە بە فەردا ؟ ص ٧٩ بیت ١

گوڵ هاتە دەرێ ، لافی لە حوسنی بوتی ما دا

لەرزی قەدی بەرزی ، لە ڕقا زولفی کە با دا ص ٨٣ بیت ٢

وەها مەستی تەماشای چاوتە " نالی " کە نازانێ

بە بێداری دەبینێ ، یا لە نەشئەی مەستیی و خەودا ! ص ٨٩ بیت ٧

لە دیوانی " نالی " دا چوارینەیێک بە زمانی فارسی هاتووە :

سوی مصر است مرا عزم از این لجەی غم

تا کە در نیل کشم جامە ز بیداد و ستم

میرود " نالی " از این جا چو حریص از دنیا

با لب خشک و کف خالی و چشم پر غم

لە لاپەڕە ١٦٨ی دیوانی " نالی " دا ، غەزەلێکی فارسی هاتووە کە لەو پەڕی جوانی و ناسکی دایە . زمانی غەزەل پڕ لە ئەشق و سۆزە ، کە ڕەوانیی و بەهێزی خامەی " نالی " لە هۆنینەوەی شێعری فارسیدا دەسەلمێنێ . ئەوەشمان بۆ دەر دەخات کە " نالی " هۆگرێکی شێعر و ئەدبییاتی فارسی بووە . ئەم غەزەلە ناسکەی " نالی " ، جوانیی و تەڕ و پاراویی شێعری " حافظ " و " سعدی " بە بیری خوێنەردا ئەهێنێتەوە و پێوە دیارە. کاتێ دەڵێ :

ابروان تو طبیبان دل افگارانند

هر دو پیوستە از آن بر سر بیمارانند

گنج رخسار تو دیدن نبود زهرە مرا

کە ز زلف تو بر او خفتە سیە مارانند

ما هزاران ، ز غمت خسته و ناکام ولی

کامیاب از گل روی تو خس و خارانند

بر سر کوی خود از گریه مکن منع مرا

زآنکه گل‌های چمن منتظر بارانند

نرگسان تو که خواب همه عالم بردند

خفتگانند ، ولی رهزن بیدارانند

" نالیا " ار چه سگانش همه شب نالانند

که نه آن شیفتگان نیز جگر خوارانند   ص ١٦٨

هەروەها کە پێشتر باسی لێ کرا ، " نالی " ئەهلی شەریعەتە نەوەک تەریقەت . ئەو لە وشکە سۆفی و ئەو کەسانەی کە ڕیا دەکەن و خۆیان بە پاک دەزانن ،خۆی دوور ڕادەگرێ و زۆر جار لە شێعرەکانیدا بە وشەی " وشکەسۆفی " ناویان دەبات . ڕەندیی و ئازادی بە ڕوخساری شێعرەکانییەوە دیارە . کاتێ دەڵێ :

خۆشا ڕەندێ لە دنیا بێ موبالات و موجەڕەد بێ !

بە ڕۆژ زیندەی جەماعەت بێ ، بە شەو مات و موجەڕەد بێ !   ص ٦٣١ بیت ١

ئەگەر تەکیە ، ئەگەر شێخە ، هەموو داوی عەلایق بوون

بلا " نالی " بچێ مەستی خەرابات و موجەڕەد بێ !   ص ٦٣٢ بیت ٥

وەکوو سۆفییی سافی مەبە ئالوودە بە دونیا

بێهوودە موکەددەر مەکە سەرچاوەیی مەشرەب   ص ١٣٤ بیت ٤

سۆفی‌یی خەڵوەتنشین بۆ نەزەرێکی گوڵی ڕووت

ڕەنگە وەک نەرگسی تەڕ چاوی سپی بێت و دەرێ   ص ٦٥١ بیت ٢

له شێعری فارسیدا ، شاعێرگەلێکی زۆر (تضمین) و (ملمع) یان بە کار بردووە . بەڵام لە (مصراع) ێک یان دێڕێکدا ! لە کاتێکدا " نالی " تێکەڵیکی تایبەت و جوانی داوە بە وشە و دەڵێ :

تیر ناز نگهت هر دله نیجه یری وار

عاشقک پاینه زولفک گیبی یوزبک سری وار ص ٢١٧ بیت ١

بزم می در ، ندما جمع ، قدح گرد شده

سوفی نک ورد و دعای سحر یله یری وار ص ٢١٨ بیت ٣

لە دیوانی " نالی " ، لە لاپەڕی ٢١٩ دا ، دوو دێڕ هاتووە و لە شەرحی ئەو دوو بەیتەدا نووسراوە کە ئەم دوو بەیتە " نالی " لە زمانی عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی ! بەڵام ئەم دوو بەیتە هی نالی نیین و هی " معزی " شاعیری دەرباری سەلجوقییەکانە .

آن زلف مشکبار بدان روی چون نگار

گر کوته است ، کوتهی از وی عجب مدار ص ٢١٩ بیت ١

شب در بهار میل کند سوی کوتهی

آن زلف چون شب آمد و آن روی چون بهار ص ٢١٩ بیت ٢

وەسفی " نالی " لە مەعشووق تازە و جوانە . کەمتر شاعێرێک توانیبێتی وەک " نالی " وەسفی جوانیی مەعشووق و دڵبەری بکات

دەخیلت بم نەخیلی یا ڕوتابی

وەها شیرین و سینە نەرم و دڵڕەق ! ص ٢٥٢ بیت ٢

زمانی شێعری " نالی " لە زمانی شێعری شاعیرانێ وەک " خاقانی " و " انوری " و " حافظ " و " سعدی " و " بیدل " و " صائب " ، زۆر نزیکە . ئەگەر بە چاوێکی وردەوە سەیری شێعرکانی " نالی " بکرێت ، تابلۆگەلێکی نەخشین لە شێعری ئەم شاعێرانە لە شێعری " نالی " دا بەدی دەکرێت . ئەمە بەو مانایە نییە کە " نالی " بە خوێندنەوەی شێعری ئەوان بۆتە " نالی " ! بەڵکوو " نالی " لە فەرهەنگ و زمانی خۆیدا هەڵکەوتووە و ئەو زمان و فەرهەنگەیە کە " نالی " کردۆتە " نالی " !

بەڵام گۆڕینەوەی ئیحساس و زمانی شیعریی ، لە نێوان شاعیرانێ کە لە یەک هەرێمدا ژیاون ، بە پێی ئاڵ و گۆڕە فەرهەنگییەکان و هاتووچۆی فەرهەنگییەوە شتێک نییە کە کەس بتوانێ ڕەتی بکاتەوە . (وەرگێڕ : ئەم دێڕانە بە مانای چاولێکردنی " نالی " لە کەسێک یان کەسێک لە " نالی " نییە . بەڵکو تەنیا گۆڕینەوەی ئیحساس و عاتیفە و زمانی شێعرییە ، کە زۆر جار نووسەران و شاعیران خۆیان لەم ئاڵ وگۆڕکردنە نائاگان !)

لە دەرەوەی شێواز و سەبکی (عراقی) دا ، زۆرێ لە شاعیرانی (شبەقارە) لە غەزەلەکانی فارسی بە گەرمی پێشوازییان کردووە . " حافظ " دەڵێ :

طوطیان هند همە شکرشکن شوند

زین قند پارسی کە بە بنگالە میرود

لە دەوران و شێواز و سەبکی (هندی) برێ لە شاعیرانی ئەسپەهان ڕوویان کردە هێندستان . ئەمە بووە هۆی کاریگەریی شێعری ئەسپەهان بە سەر شێعری (شبەقارە)ی هیندوستانەوە . لە شێعری شاعیرانی شێواز و سەبکی (خراسانی) دا ، بە تایبەت شێعرەکانی " منوچهری " ، کاریگەریی زمان و شێعری عەرەب بە سەریانەوە دیارە . لێرەیە کە ئیتر تێکەڵاویی زمان بە مانای چاو لێکردنی کوێرکوێرانە نییە ، بەڵکوو هاوفکری و هاوبیرییە لە خەملاندنی خەیاڵ و ئیحساس ! غەزەل و قەسیدەی فارسی کاریگەرترە بە سەر " نالی" ییەوە تا شێعری عەرەب . ئەمەش بۆ یەک ڕیشە بوونی زمانی کوردی و فارسی دەگەڕێتەوە .

داری سەوڵ (سەرو) لە دێر زەمانەوە وەک درەختێکی پیرۆز ، لە فەرهەنگی ئێرانییەکاندا چاوی لێ کراوە . لە شێواز و سەبکی (خراسانی) و (عراقی) دا ، شاعیرانێکی زۆر لە شێعرەکانیاندا سەرویان بە کار بردووە . سەرو سەمبۆلی ڕاست قامەتی یار و ئازادەگی بووە . " نالی " لە شێعرەکانیدا سەرو وەک خوازەیێک (استعارە) لە یار بە کار ئەبات . ئەمە لە کاتێکدایە کە لە فەرهەنگی کوردەواری ، بە تایبەت فۆلکلۆری کوردی ، داری چنار وەک ئیستعارە لە قامەتی یار بە کار هاتووە . پێ دەچێ " نالی " لە شێعری خۆیدا سەروی هەر وەک مانای سەرو لە شێعری فارسی دا بە کار بردبێت . (وەرگێڕ : خستنە ڕووی ئەم خاڵە بە گرنگ دەزانم کە " نالی " زۆربەی ژیانی لە سلێمانی ، ناوەندی حکوومەتی بابان بە سەر بردووە و ئەوەی وا شاری سلێمانی لە نزیکەوە بینیبێ ئەزانێ کە داری سەرو لە سلێمانی و دەوروبەری زۆرە !)

" نالی " مەکە وەسفی تۆ .. باریکە نەمامی تۆ

مەعلوومە کە سەروی تۆ بێ میسلە لە دونیایە   ص ٥٦٣ بیت ٦

" نالی " لە قووڵایی مانا و وشە تێگەیشتووە، بۆیە لە نێو شاعیرانی کلاسیکی کورددا هاوتاو هاوشێوەی کەمە. " نالی " بە شێعری خۆیەوە فەخری کردووە و بە ڕاستی ئەم شانازییە هەر شایانی خۆیە . ئەو وشە و واژانە بۆمان دەر دەخات کە لە زانستی زەمانی خۆیدا تا ڕادەیەک دەست ڕۆیشتوو بووە :

بولبولی تەبعم ئەوا دیسان سەنا خوانیی دەکا

نوکتە سەنجی و بەزڵەگۆیی و ، عەنبەر ئەفشانی دەکا   ص ١٠١ بیت ١

شێعری خەڵقی کەی دەگاتە شێعری من بۆ نازکی؟!

کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لە گەڵ هەودا دەکا؟!   ص ١٠٧ بیت ٥

" نالی " لە خۆبایی بوون و فەخرفرۆشی ڕەد دەکاتەوە و فەخری خۆی لە گەڵ غروور و لە خۆبایی بوون بە جیاواز دەزانێ و دەڵێ :

هەر کەسێ ئیزهاری دانایی بکات و ، مەقسەدی

خودپەسەندی بێ ، یەقین ئیزهاری نادانی دەکا   ص ١٠١ بیت ٢

گەورە پیاوانی ئەدەبییاتی کوردی وەک " گیوی موکریانی " و " محەممەد ئەمین کاردۆخی " لە " نالی " ڕەخنەیان گرتووە کە بۆچی شێعری میللی و نەتەوایەتی و نیشتمانی نییە! یان بۆچی لەو قەسیدە بە ناو بانگەی خۆیدا ، هەجوی خاتوو " مەستوورەی ئەردەڵان " ی کردووە !؟ پێویستە لە وەڵامدا بێژین " نالی " لە ڕۆژگارێکدا ژیانی بردۆتە سەر کە کورد لە سلێمانی دەستەڵاتی بە دەستەوە بووە و حوکمڕانی بابان لەو پەڕی بە هێزیدا بووە . بۆیە " نالی " کەلێنێکی لە بواری میللیەوە هەست نەکردووە . (وەرگێڕ : لە لاییێکیترەوە ناسیۆناڵیزمی کوردیی لەو کاتەدا کە عوسمانییەکان لەو پەڕی هێز و دەستەڵاتدا بوونە ، ئەوەندە پێش کەوتوو نەبووە و بە داخەوە زۆرتر لایەنگریی لە بیر و باوەڕێکی تایبەتی دینی و مەزهەبی پێوەری ئەندێشەکان بووە . وا دەزانم هەر ئەوە کە " نالی " دوای ئەو دووبەرەکییە دزێو و نەحسەی وا بەرۆکی بە بابانەکان گرت ، سلێمانی بە جێهێشت و ڕووی لە شام کرد ، خۆی لەو پەڕی هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتیدا بووبێت .)

لەو کاتەدا کە " نالی " ژیاوە زمانی عەرەبی ، زمانی عیلمیی و ئەدەبیی و فەرهەنگیی ئەو ڕۆژگارە بووە و برێ کەس ڕەخنەیان لە " نالی " گرتووە ، کە بۆچی بە کوردی شێعر دەنووسێ و ، خۆی ئاوقەوی زمانی عەرەبی ناکات !؟ " نالی " لە وەڵامدا فەرموویە :

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردی‌یە ، خۆ کردی‌یە

هەر کەسێ نادان نەبێ ، خۆی تالیبی مەعنا دەکا   ص ١٠٧ بیت ٣

لە شوێنێکی‌تردا " نالی " هەر بە ئەنقەست ئاماژە بە کوردیی وێژی خۆی دەکات و دەڵێ :

تەبعی شەککەر باری من ، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا

ئیمتحانی خۆیە مەقسوودی ، لە (عمدا) وا دەکا   ص ١٠٧ بیت ١

زۆرن کەسانێ کە وا دەزانن هەر شاعیرێکی کورد دەبێ شێعری نەتەوایەتیی بڵێت و ئەگەر شاعیرێک لەم بوارەدا ئەسپی خەیاڵ و خامەی تاو نەدات ، ئیتر کەلێنێکی گەورەی هەیە لە ژیانی شاعیرییەتی خۆیدا ! پێویستە بڵێم کە لە ئەدەبی فارسیشدا ، جیا لەو کتێبە حەماسییانە ، تا دەورەی (مشروطە) ، شێعری میللی لە شێعری شاعیرانی فارس‌دا کەمتر ڕەنگی داوەتەوە !

" نالی " کەلێنەکانی شێعری کوردی بە بوونی خۆی و شێعرەکانی پڕ کردۆتەوە و جا ئەگەر شێعری میللی و نەتەوایەتیی نەوتووە ، لە لایێکی‌ترەوە بە هۆنینەوەی ئەو غەزەلە تەڕ و ئاودارانەوە ، بۆ هەتاهەتایە ئەدەبییاتی کوردیی پاراو کردووە و کردییە خاوەن ئەدەبی (غنایی) .

ڕەخنەیێک کە لە " نالی " گیراوە و زۆر لە سەری باس و خواست کراوە ، ئەو قەسیدە ناودارەیە کە گوایە " نالی " لە هەجوی " مەستوورە خانمی ئەردەڵان " دا وتوویەتی . (هجو) و (هزل) لە شێعری زۆرێک لە شاعیران ، تەنانەت شاعیرانێک وا سۆفی و عارف بوونە هەیە . ئەگەر " نالی " بە ڕوونی وەسفی ناڕەوای جەستەیی کردووە ، وەسفی ناڕەوا لە وتە و گوفتدا ، لە عالەمی شاعیری‌دا ڕەوایە . لە شێعری " نالی " وشەی ناشیرین و سووک بە دی ناکرێت و وەسف لە لای " نالی " زۆرتر بە شێوەی (استعارە) و (تشبیە) و (کنایە) هاتووە . وەسفی " نالی " لە زۆر جێگادا وەک موعەمایێکی لێ دێ و ئەگەر کەسێک وەسف و ئیشاراتی " نالی " نەزانێ ، قەد ناتوانێ تێگەیشتنێک کە " نالی " مەبەستی بووە ، لە شێعرەکانی بە دەستی بێنێت .

لە شیعری فارسی ، مەولانا لە " مثنوی و معنوی " دا چەند جارێک ، وەسفی ناڕەوای بە ڕوونی هێناوە و " سعدی " لە (هزلیات) و (گلستان و بوستان)یدا بە ئیستعارە و " عبید زاکانی " لە (

رسالەی دلگشا) دا و " ایرج میرزا " لە شێعرەکانی‌دا ، ئەم جۆرە وەسفەیان کردووە . " نالی " لە پێشەکی ئەو قەسیدەیەدا دەڵێ ؛ ئەمە خەوە ! ئیتر منی خوێنەری شێعرەکە ئاگادار دەکاتەوە کە ئەم وەسفانە ، وەسفێکی خەیاڵی و دوور لە ڕاستییە !

دەتوانین ئەم شێعرە بخەینە بازنەی (هجوی نمایشی و خیالی) ییەوە . نالی لەم شێعرەدا نایەوێ مەستوورە هەتک بکات و بە سووکیی و ناشیرینیی ناوی ببات . بەڵکوو ئەم شێعرە هەڵقوڵاوی ناخ و دەروونی شاعیرە و بەس ! لە لایێکی ترەوە ئەم جۆرە هەجوانە لە ئەدەبی کوردی‌دا زۆر کەمن و پێ دەچێ " نالی " یەکەم کەس بێت کە ویراوە و ئەوەی کردبێت کە لەو پەڕی جوانیی دا شێعری وا بخولقێنێت .

وەسفی " نالی " لە مەعشووق ئەوەندە جوان و شاعیرانەیە کە لە ئەدەبییاتی کورد و فارس و عەرەب دا وێنەی زۆر کەمە . ناسینی " نالی " و شیعری ئەو ، بەو ئاسانییە کە بیری لێ بکەینەوە نییە و توانای زانستیی و ئەدەبیی دەوێ . شێعری " نالی " ، شێعری مەکتەبی ڕۆمانتیکە و ئەگەر بە چاوی وردەوە سەیری شێعرەکانی بکەین، شێعریشی لە مەکتەبی " ڕیالیسم " دا هۆنیوەتەوە . بەڵام سەرجەم دیوانەکەی " نالی " وامان بۆ دەر دەخات کە " نالی " شاعیرێکی ڕۆمانسییە .

" نالی " لە هەر بوارێکدا ئەسپی خەیاڵ و خامەی تاو دابێ ، بە جوانیی سیحری وشە و کەلامی ئاشکرایە . کاتێ لە وەسفی پیری‌دا دەفەرمێ :

مووی سپی کردم بە شووشتن، ئاوی عەینی شۆرە شەت

شۆرە شەت یەعنی کە تێدا، خود بە خود قەل بوو بە بەت   ص ٢٤٢ بیت ١

یا کاتێ لە وەسفی پێکەنینی یار و گریانی خۆیدا فەرموویەتی :

من گریە ، ئەتۆ خەندە بە یەکدی دەفرۆشین

من لەعلی بەدەخشان و ، ئەتۆ لوئلوئی لالا   ص ١١٥ بیت ٤

لە کۆتایی‌دا هەر ئەوە ماوە بێژین کە با هەوڵ بدرێت " نالی " و هەموو کەڵە نووسەر و شاعیرانی ئەم گەلە ، ئەو جۆرە کە شیاویانە و شایستەیانە بە نەوەی داهاتوومان بناسرێن . با نەوەی و بەرەی ئێستامان خۆیان بە بەر پرسیار بزانن لە پاراستنی ئەم گەنجینە گەورە و دەوڵەمەندە.بە ڕاستی ئەدەب و وێژەی کوردی دەریاییکە پڕ لە مرواریدی بەنرخ،دەبێ لاوانی ئەمڕۆمان گرنگیی و بایەخی پێ بدەن.